گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# "ڕۆڵی زمانی جەستە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا"

**م.ی کەلسوم خالید ئەحمەد**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی لبنانی فەرەنسی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

بەشی شیکاری نەخۆشیەکان، کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Emal: Kalthum.khalid@epu.edu.iq

**م.ی بەشدار عەبدولرەحمان عەزیز**

سکرتێری ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

Emal: Bashdar.bdulrahman@mhe-krg.org

**م.ی عبدالمطلب عبدالله محمد** بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Samanmohammed1991@gamil.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

**وەرگرتن:**١/٦/٢٠٢٣

**پەسەندکردن:**٢/٨/٢٠٢٣

**بڵاو کردنەوە:**زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئامانج لێی شیکردنەوە و ڕۆڵی زمانی جەستەیە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، بە مەبەستی ناساندن و ڕۆڵ و پێگەی ئەندامەکانی جەستە و کاریگەرییان لەسەر فێرکردن و وەرگرتنی قوتابیان و یارمەتیدانیان لە باشتر فێربوونی وانەکاندا. هەروەها کام جۆری ئەندامی جەستە جەوهەرترین بەشداریی هەیە لە فێرکردندا و ئایا ئەم جۆرە کاریگەرە یان نا. زمانی جەستە ئاماژەیە بۆ نیشانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نازارەکی کە کەسەکان بەکاریدەهێنن بۆ پەیوەندی ڕۆژانە، وەک دەربڕینەکانی ڕوخسار و جوڵەی جەستە، کە دەتوانرێت لەرێیانەوە زانیاری بگوازرێتەوە بەبێ گوتنیان، ٥٠٪ بۆ ٧٠٪ پەیوەندییەکان پێکدەهێنێت، بۆیە تێگەیشتنی تەواو لێی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی گفتوگۆکە. پەروەردەکاران کە لە لقە جیاوازەکاندا وانە دەڵێنەوە، پێویستیان بە وشە و زمانی جەستەیە بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر پەیوەندی لەگەڵ خوێندکاران بکەن. بەکارهێنانی دروستی زمانی جەستە دڵنیایی دەدات لەوەی، کە پەیامەکە بەشێوەیەکی کاریگەرتر و خێراتر دەگەیەنرێتە خوێندکاران. ئەم بابەتە تیشک دەخاتەسەر ئەوەی، کە بۆچی مامۆستایان دەبێ نێرەر و وەرگری باشی پەیوەندی نازارەکی بن. توێژینەوەکە توێژینەوەی چۆنایەتی بوو، تەکنیکێکی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنرا. بۆچوونی قوتابیان وەرگیراوە سەبارەت بە گرنگی بەکارهێنانی زمانی جەستە لەکاتی وانەوتنەوەدا لەلایەن مامۆستایان.

*body language, teaching, teacher, student.*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.5.20

## پێشەکی

زمانی جەستە دەتوانرێت وەک فۆرمێکی پەیوەندی نازارەکی و لە هەمان کاتدا بەهێز پێناسە بکرێت کە هەر تاکێک بە ئاماژە، هەڵوێست، یان هەندێکجار دەربڕینی دەموچاوی خۆی دەریدەبڕێت. ئێمە نەک هەر وەڵامی ئەرێنی یان نەرێنی بەرانبەر بە قسەی قسەکراوی تاکێک نییە، بەڵکو کاردانەوەمان دەبێت بەرانبەر بە زمانی جەستەی. کە ئەم یاسایە پەیوەندییەکانی مامۆستا و خوێندکار لە پۆلدا بەهێز دەکات.

**١_ ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە "ڕۆڵی زمانی جەستە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا" توێژینەوەیەکی زمانەوانییە، هەروەها لەسەر بنەمای راپرسی ئەنجامدراوە و کاریگەری و ڕۆڵی زمانی جەستە لەسەر فێرکردن لەکاتی وانەوتنەوەدا دەخاتەڕوو.

**٢_ سنوور و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە ئاستی زمانەوانیدایە و بەپێی تیۆری 'شیکاریی ئامارییە'، کە لە توێژینەوەکەدا سود لە فۆرمی راپرسی وەرگیراوە و دابەشی سەر ٣٠ قوتابی کراوە و لەسەر بنەمای وەڵامەکانی قوتابیان پرسیارەکانی راپرسییەکە شیکراونەتەوە، کە لە دە پرسیاری جۆراوجۆر پێکهاتبوو.

**٣_ گرنگی توێژینەوەکە:**

خاڵی گرنگ لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکە، بریتیە لە کاریگەری ئەو پەیوەندییەی لەنێوان قوتابی و مامۆستادا هەیە، واتە مامۆستا چۆن دەتوانێت لەرێگەی ئەندامەکانی جەستەی کاریگەری زیاتر بخاتەسەر فێرکردن و وا لە قوتابی بکات زووتر و باشتر لە وانەکان تێبگات.

**٤_ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لە ئەنجام لە سێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: بەشێکی تیۆرییە و تیایدا باس لەم بابەتانە کراوە؛ زمانی جەستە، زمانی ئاماژە، جۆرەکانی زمانی جەستە.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا باس لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە کراوە، ئەم بابەتانە دەگرێتەخۆ؛ ڕێگاکانی وانەوتنەوە، تایبەتمەندییەکانی ریگای وانەوتنەوە، جۆر و شێوازەکانی وانەوتنەوە.

بەشی سێیەم: بەشێکی کردارییە، تیایدا پرسیارەکانی راپرسییەکە لەسەر بنەمای وەڵامی قوتابییەکان شیکراوەتەوە.

لەکۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

## بەشی یەکەم
## زمانی جەستە

### ١: زمانی جەستە:

لە پەیوەندییە نێوان کەسییەکاندا، هەردوو پەیامی زارەکی و نازارەکی لە یەک کاتدا بەکاردەهێنرێن. لەم گفتوگۆیانەدا پەیامە زارەکییەکان تەنیا بەشێکی کەم لە ئاڵوگۆڕی پەیامەکان پێکدەهێنن. ئەو پەیامە نازارەکیانەی کە بەهۆی دەربڕینی دەموچاو، ئاماژەی دەست، هەڵوێستی جەستە و بەرزبوونەوە و دابەزینی دەنگەوە دەنێردرێت بەشێکی گەورەتر لەو پەیامانە دەگرێتەوە کە لە پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنرێن. گوێگرێکی باش نەک هەر ئەو کەسەی پەیوەندی لەگەڵدا دەکات چی لەبەرچاو دەگرێت، بەڵکو ئەوەش لەبەرچاو دەگرێت کە بە دەم و دەست و قۆڵ و جەستەی چی دەکات. هەندێکجار سەختە لە هەستی مرۆڤەکان تێبگەیت. ناتوانیت لەخۆیان بپرسیت، چونکە زۆربەی کات نایانەوێت بڵێن هەستەکان چۆنە. بەو پێیەی کە ناتوانرێت بزانرێت ئەم کەسانە بە چوونە ناو سەریان هەست بە چی دەکەن، هەوڵدەدەین بە سەیرکردنی دەربڕینی دەموچاو و نیشانەکانی جەستەیان لەوە تێبگەین کە لەو ساتەدا چۆن هەست دەکەن. هێزی قسەکردن لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەیە، کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی‌تر جیا دەکاتەوە، بەهۆیەوە دەتوانێت پەیوەندی دروست بکات، پەیوەندیش دابەشکراوە بۆ سەر دوو کۆمەڵەی سەرەکی؛ کۆمەڵەی زمانی و نازمانی. پەیوەندی زمانی: دروستکردنی پەیوەندییە لە ڕێگای زمان و قسەکردنەوە، بەڵام پەیوەندی

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نازمانی: دروستکردنی ئەو پەیوەندییەیە، کە لەڕێگەی ئەندامەکانی جەستەوە ئەنجام دەدرێت و پێی دەگوترێت زمانی جەستە (Body language). مرۆڤ لەڕێگەی وشە و دەنگەوە هەست و بیرۆکەکانی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بمانەوێت یان نەمانەوێت لە بێدەنگی و لە کەشێکی ئارام تەنیا بە بەکارهێنانی ئەندامەکانی جەستە دەتوانێت پەیامێک بگەیەنێت یان واتای قسەیەک بگۆڕێت. (کنی زکس) یەکەمین کەس بووە دەربارەی زمانی جەستە لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە و شێوازی بەکارهێنانی جوڵەی دەست و دەم و چاو و ئەندامەکانی جەستە و جیاوازی بەکارهێنانی ئەندامەکان و هێما و جووڵەکانی خستۆتەڕوو (کۆمەڵێک نوسەر: ١٤٠٠، ٩٦). هەروەها پەیوەندی نازمانی، بریتییە لەو پەیامە نادەنگیانەی کە بە ئامرازێک جگە لە ئامرازی زمانی و زمانەوانی دەگەیەنرێت و شیکردنەوەی بۆ دەکرێت (علی اکبر فرهنگی و حسین فرجی: ١٣٨٩، ٤٣٣). بەشێوەیەکی گشتی دروستکردنی پەیوەندی مەبەست لێی گەیاندنی پەیامە، هەندێک جار وا دەردەکەوێت پەیامەکە سادە بێت یان ئەوەیە پەیامەکە ئامانجێکی بەدواوە بێت و مەبەست تیایدا گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو و کاریگەرە بەڕووی گوێگردا. بۆ ئەم مەبەستەش زۆرجار جگە لەزمانی قسەکردن سود لە زمانی جەستەش وەردەگیرێت. مرۆڤ بەرلەوەی لە پەیامی ئاخاوتن تێبگات، لە پەیامی جوڵە و هێما و ئاماژەکانی دەست و ئەندامەکانی جەستە تێدەگات. مارسێل ماسۆ باوەڕی وایە: "زمان هەمیشە جێگەی باوەڕ نییە، لەبەرئەوەی بەردەوام لە دەربڕینی ڕاستییەکان درۆ بوونی هەیە" (کۆمەڵێک نووسەر: ١٣٩٧، ١٦١). بەندۆرا دەڵێت: "تەواوی کردە و ئاخاوتنەکان پێکدێت لە پەیامێک بۆ تێگەیشتن" (کۆمەڵێک نووسەر: ١٣٩٦، ١٤٩).

کەواتە پەیام گەیاندن بە هۆی ئەندامەکانی جەستەوە ئەنجام دەدرێت و هەمان ئەو زانیاریانەیە، کە دەمانەوێت لەڕێگەی جوڵەکانی چاو، ڕوخسار، ئاوازی دەنگ، حاڵەتی جەستە و چەندین جوڵەیتری جەستەمان کەم تا زۆر بیگەیەنین، جا بەشێوەیەکی خۆویستانە یان ناخۆویستانە بێت، بەشێوازێکی کاریگەر یان ناکاریگەر لە ژیانی ڕۆژانەماندا سودی لێوەردەگرین بە مەبەستی

بەهێزترکرن یان لاواز دەرخستنی هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ کەسانیتر (محمد رضاپهلوان نژاد: ١٣٨٦، ص١٤). دەتوانین بڵێین باوترین نیشانەی نازمانی و جوڵەی جەستەیی بریتییە لە: (proxemics spatial cue- eye contact visualalcu- vocal cue)، ئارژیل، ئاماژەی بە 'دە' تایبەتمەندی کردووە بە مەبەستی وەسفکردنی بابەتی (para language)، کە دەکەونە ژێر ئەو سێ بابەتەی ئاماژەمان پێدا، ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لە: (بەرکەوتنی جەستەیی، نزیکایەتی، دۆخی جەستەیی، ڕوخساری فیزیکی، جوڵەی دەموچاو و جەستە، ئاڕاستەی نیگا یان شێوازی سەیرکردن، ماوە و کاتی قسەکردن، حاڵەتی سۆزداری قسەکرن، هەڵەی قسەکردن و شێوەزار) (کۆمەڵێک نوسەر: ١٣٩٣، ٣٦).

**١-١: پەیوەندی نازارەکی لە وانەوتنەوەدا:**

گرنگە ئەو زاراوانەی کە لە پەیوەندی زارەکیدا بەکاردەهێنرێن گۆڕاوبن. وەڵامەکانی جەستە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبن. بۆیە ڕاستەوخۆ هەستەکان دەگەیەنێت و کۆنترۆڵکردنی زۆر قورسە. مرۆڤەکان سەرەتا بە زمانی جەستە پەیوەندی دەکەن. پاشان دەربرینی زارەکی وەک پشتگیری بەکاردەهێنن. بەپێی تۆسون و یڵدز، (2015) "ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە ڕاستگۆیی و متمانە وەک بەهایەکی ئەخلاقی کوتان بکات، چونکە لەڕێگەی وانەوتنەوە بە پەرۆشەوە دەتوانیت خوێندکاران قەناعەت پێبکەیت" (ل41).

- هەمیشە وشەکان بەس نین بۆ گەیاندنی پەیامەکە.
- سیگناڵە نازارەکییەکان بەرهەمدارترن.
- پەیامە نازارەکییەکان زیاتر واقیعین.
- پەیامە نازارەکییەکان زیاتر لەبیرنەکراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- سیگناڵە نازارەکییەکان دەتوانن بە ئاسوودەیی هەستەکان دەربڕن کە زۆر بێزارکەرن بۆ ئەوەی بە وشە دەربڕدرێن؛ بەها ئەخلاقییەکان دەتوانرێت بە ئاسانی بە کردار بگەیەنرێن نەک بە قسە.

سەرەڕای سەرجدانە سەر حاڵەت و شێوازی قسە و ئاماژە جەستەییەکان، هەموو هێما و ئاماژە جەستەییەکانی، کە لەو ژینگەیەی تیایدا بەکاردێت؛ ئەگەر بێت و لێیان بکۆڵینەوە و بە گرنگیان دابنێین بەشێوازێک سەرنجیان بخەینەسەر؛ بۆ نمونە، ئەگەر لە ڕۆژێکی ساردی زستانی لە وێستگەیەکی پاسدا کەسێک دەست و پێیەکانی خۆی کۆبکاتەوە و دابنیشێت، بە ئەگەری یەکجار زۆرەوە هۆکارەکەی بۆ ساردی کەشوهەوا دەگەڕێنینەوە تاوەکو هۆکاریتر، بەڵام ئەگەر لە بارودۆخێکیتردا بێت، یان ئەگەر هات و لە پشتی مێزێک بێت و تۆ بتەوێت کاڵایەکی پێبفرۆشی یان بیرۆکەیەک باس بکەیت و بیخەیتەڕوو، بارودۆخێکی وا بەو مانایە دێت، کە ئەو کەسە لەو بارودۆخەدا هەستی نەرێنی یان بەرگری هەیە (آلن پیز: ١٣٨٩، ١٤٠).

**٢-١: جۆرەکانی زمانی جەستە:**

بە سەرنجدان بەو پێناسانەی، کە بۆ زمانی جەستە کراون، دەتوانین لە خوارەوە ئاماژە بە چەند جۆرێکی گرنگی زمانی جەستە بکەین، کە هەریەکەیان لەکاتی ئاخاوتن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەیاندنی پەیام و مەبەستێکی دیاریکراودا، بەشێوەیەکی گشتی ئەو هێما و ئاماژانە دەتوانن لەکاتی ئاخاوتندا ڕۆلیکی کاریگەر ببینن، بۆ نمونە، زۆرجار لەبری ئەوەی سڵاو بکەین دەستێک بۆ کەسی بەرانبەر بەرز دەکەینەوە، بەو شێوەیەش پەیامی خۆمان بە کەسی بەرانبەر گەیاندووە. هەنێک جاریش ئەو هێمایانە پەیامی قسەکردن بەهێزتر دەکەن، بۆ نمونە، زۆرجار لەکاتی تەوقەکردن زەردەخەنەیەک دەکەین، ئەمەش هێمایە بۆ پیشاندانی خۆشەویستی و ڕێزی زیاتر، هەروەها دەکرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیامی نەرێنیش لەدوای خۆیدا بەجێ بهێڵێت، بۆ نمونە ئێمە کاتێک لەناو کۆبوونەوەیەک قسەیەک دەکەین بۆ دڵنیا بوون لە شتێک، بەڵام لە هەمان کاتدا چاو دادەگرین لە کەسی بەرانبەر بە مانای نێگەتیڤ بوونی بابەتەکە دێت. لە خوارەوە چەند جۆرێکی باو لە جۆرەکانی زمانی جەستە دەخەینەڕوو:

**١-٢-١: دەربڕینەکانی ڕوخسار:**

ئەو دەربڕینانەیە کە لەسەر ڕوخساری کەسەکە پێش قسەکردن دەردەکەوێت، وەک دڵخۆشی و دڵتەنگی و تووڕەیی و ترس و چەندان دەربڕینی دیکە.

**١-٢-٢: جوڵەی ئەندامەکانی جەستە:**

جوڵە و ئاماژەکان ڕێگەیەکی ناسراوە بۆ پەیوەندی نازارەکی، لەوانەش جوڵەی دەستەکان و ئاماژەکردن و چەندانی دیکە.

**١-٢-٣: دەنگناسی:**

شێوازی دەنگ کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر مەبەست و مانای گفتوگۆکە و، لەوانە: ئاوازی دەنگ و بەرزیی دەنگ و گۆڕانی مەقامی دەنگ و لەرەکانی.

**١-٢-٤: سەیرکردنی چاوەکان:**

سەیرکردنی چاوەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەیرکردنی نازارەکی هەیە، وەک چاوتێبڕاندن و چاوداگرتن و تروکاندنی چاوەکان، کاتێک تاک ڕووبەڕووی شتێک دەبێتەوە کە ئارەزووی دەکات چاویتێدەبڕێت و چاوەکانی فراوانتر دەبن، هەندێک کەس ئەمە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ئایا کەسی بەرانبەر ڕاستگۆیە یان نا.

لەگەڵ ئەوەی زمانی جەستە پرۆسەیەکی مامەڵەییە، پەیوەندی مامۆستا لەگەڵ فێرخوازان لە بەرزکردنەوەی چۆنیەتی فێربوون و فێرکردن ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەری هەیە. لەم پرۆسەیەدا مامۆستا نابێت تەنیا لە کردەی قسەیی سود وەربگرێت، بەڵکو دەبێت سود لە زمانی جەستەش وەربگرێت، لەبەرئەوەی فێرکردن پرۆسەیەکە تیایدا کۆنترۆڵی زمانی جەستە زۆر گرنگە، ئامانجی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەکی ڕەفتاری نازمانی مامۆستایان لە پۆلدا هۆکارێکە بۆئەوەی فێرخوازان زیاتر ئارەزوویان بۆ وانە و بابەتەکان هەبێت، مامۆستایان لەبەر سێ هۆکار پێویستە شارەزاییان لە زمانی جەستەدا هەبێت:

1. شـــارەزایی لە ڕەفتاری نازمانی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە قوتابیان بتوانن بەشـــێوەیەکی کاریگەرتر فێربن.
2. وا دەکات قوتابیان باشتر لە هێماکان تێبگەن.
3. ئەو جۆرە پەیوەندیە، پلەی دەروونی نێوان مامۆســـتا و قوتابی دیاری دەکات (نوســـەران: ١٣٩٩، ١٠٠).

لە ڕاســـتیدا دەتوانین بڵێین قســـەکردن بەهۆی زمانی ئاماژە بمانەوێت و نەمانەوێت ڕۆژانە بەکاریان دەهێنین و لە ژیان و قســـەکردنی ڕۆژانەماندا ڕەنگ دەداتەوە و بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ کاریگەری لەســەر پەیام و قســەکانماندا دەبێت، بەڵام زۆرجار ئێمەی مرۆڤ زۆر گوێی پێنادەین، کەواتە گرنگی و ســودی زمانی جەســتە لە ســەرکەوتنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانمان لە توانای قســەکردن بەشــێوەیەکی ڕوون و ئـاشــکرا کەمتر نییە، لە خوارەوەدا گرنگترین ڕەفتـارە نازمانییەکان ئاماژە پێدەکەین، کە بەشـێوەی جوڵە و ئاماژە دەتوانین دەریان ببڕین، ئەمانیش لەم چوار خاڵەدا کۆدەبێتەوە:

1. **هێماکان**: جوڵە و ئاماژەی دیاریکراو و ناسراو.
2. **بەرچاوڕوونی**: جوڵە و ئاماژەیەک بۆ دڵنیایی و بە گرنگ پیشـاندانی قسـە بەکاردێت، بە تایبەت دەستەکان.

3. **ڕێکخەران:** جوڵە و ئاماژەیەکە، کە بۆ دیاریکردنی شوێن یا ڕێکخستنی خێرایی بەکاردێت.
4. **گونجان:** هەموو ئەو جوڵە و ڕەفتارانە دەگرێتەوە، کە بۆ چاودێری کردن، کۆنترۆڵکردن و کاردانەوەی هەستەکان بۆ کەس یان کەسانی بەرانبەر بەکاردێت.

بەو شێوەیەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێدا هەموو ئەمانیش ڕەفتاری نازمانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری زمانی هەیە، کە ئەو پەیامە نازمانییەش بریتیین لە شێوەی ڕوخسار، نیگا، (کردنەوە و داخستنی چاو)، جوڵە جەستەییەکانی تر، بارودۆخی جەستە (شێوازی وەستان، دانیشتن...)، پەیوەندی جەستەیی، ڕەفتاری هەوایی، جل و بەرگ و تەواوی لایەنە ڕواڵەتییەکانی‌تری وەک دەنگ و ئاوازی نازمانی، هەریەک لەمانە دەتوانرێت لەسەر بنەمای گۆڕاوی زیاتر، دابەش بکرێنە سەر چەندین کۆمەڵەی‌تر (علی اکبر فرهنگی و حسین فرجی: ١٣٨٩، ٤٣٤-٤٣٥).

**٣-١: فشار و زمانی جەستە لە بەڕێوەبردنی پۆلدا**

ستریس ناڕەحەتییەکە، کە هەموو کەسێک دەتوانێت لە هەموو پیشەیەکدا ڕووبەڕووی ببێتەوە. سروشتییە مامۆستایان لە بەڕێوەبردنی پۆلدا تووشی ستریس ببن. جەستە بەبێ ئیرادە کاردانەوەی دەبێت کاتێک فشاری دەروونی لەسەرە. بۆ نموونە قۆڵەکانت ئازاریان هەبێت، سنگت توند بێت، یان بە توندی پێیەکانت لە زەویدا لێبدەیت. لەوانەیە خوێندکارەکانت پێیان وابێت، کە شتێک لە کردارەکانتدا هەڵەیە یان بێزاریت. ئەم ڕەفتارەی مامۆستایان دوورە لە پیشەیی بەپێی زمانی جەستە. زانین و بەکارهێنانی هەندێک تەکنیک زۆر گرنگە، چونکە فەرمانی مامۆستا بە زمانی جەستە لە هەموو بارودۆخێکدا یارمەتیدەر دەبێت بۆئەوەی وانەکان بەشێوەیەکی کارا پرۆسێس

بکرێن. ئەگەر مامۆستا لەڕووی دەروونییەوە تێک نەچێت، هەموو کەسێک لە پۆلەکەدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات بە جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانەی کە لە خوارەوە هاتووە:

**١-٣-١: لەسەر مێز یان لەسەر کورسی دانانیشن مەگەر پێویست نەبێت:**

زۆر گرنگە مامۆستا بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل لەسەر کورسی دانەنیشێت مەگەر نەخۆشی جەستەیی هەبێت، چونکە کاتێک مامۆستا چاو لە خوێندکارەکە دەکات، دەتوانرێت تێبگەین کە ئایا خوێندکارەکە پەیڕەوی لە وانەکە دەکات یان نا. پەروەردەکار کە لەسەر کورسیەکەی دانیشتووە ناتوانرێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە وانەیەکی بەرهەمدار هەبێت و ئاگاداری خوێندکارەکانی بێت. لەبەر ئەم هۆکارە کارێکی دروستە مامۆستایان دانەنیشن بەڵکو بوەستن مەگەر ناچار بن. وەستان و قسەکردن لەبەردەم ئامادەبووواندا دەتوانێت لەڕووی جەستەییەوە چالاک بێت و بە تایبەتی ناتەقلیدی بێت.

**١-٣-٢: لە کاتی وانەوتنەوەدا زۆر مەجوڵێن و بە توندی بوەستە بۆ بینینی هەموو خوێندکارەکان:**

هەندێک جار مامۆستایان لە چالاکبوون لەکاتی وانەوتنەوەدا بە هەڵە تێدەگەن. بۆ نموونە مامۆستا بە هەموو ئاراستەکانی پۆلدا دەڕوات. جوڵە لە پۆلدا گرنگە، بەڵام تەنها بەپێی پێویست. پێویستە مامۆستا لەکاتی وەستاندا هەڵوێستێکی پتەوی هەبێت. ئەم هەڵوێستە متمانە بەخۆبوونێکی بەهێزتر بە مامۆستا دەبەخشێت. هەوڵبدە بە ئاسوودەیی و نەرم و نیان بمێنیتەوە بە هێشتنەوەی قاچەکان کەمێک فراوانتر لە دووری شان. قاچەکان نابێت گرژ بن، مامۆستاش نابێت ئەژنۆکانی قفڵ بکات. بە هێشتنەوەی پشت و سەری ڕاست ڕێگری بکات. ئەم هەڵوێستە ئاماژەیە بۆئەوەی مامۆستا بە متمانە بەخۆبوون کۆنترۆڵی دەکات و توانای کاریگەری لەسەر گوێگران هەیە.

**١-٣-٣: مامۆستا ناوبەناو لە پۆلدا بڕوات:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر پۆلەکە ئەوەندە فراوان نەبوو کە پیاسە بەناو پۆلدا بکەیت، دەتوانیت لەبەردەم تەختەکەدا بڕۆن و بچنە گۆشەی ڕاست و چەپ. پیاسەکردن لە پۆلدا نابێت بێ مانا بێت. زۆری هەر شتێک دەتوانێت خوێندکاران ناڕەحەت بکات، هەروەها زۆر سەرگەردانی لە پۆلدا دەتوانێت سەرقاڵکەر بێت. ئەم دۆخە دەتوانێت کەشێکی گرژ لە بەڕێوەبردنی پۆلدا دروست بکات. دەتوانیت لە سەرێکی پۆل یان شانۆوە بۆ سەرەکەی تر بە پێ بڕۆن. لە گواستنەوەکانی قسەکردنتدا دەتوانرێت جەخت لەسەر وشەکان بکرێتەوە. کاتێک دوای چەند خولەکێک بابەتەکەت دەگۆڕیت، دووبارە بە پێ بڕۆ. ئەم بزووتنەوەیە بەردەوامیی بابەت و پابەندبوون بە گێڕانەوە لەسەر بینەر مسۆگەر دەکات. لەگەڵ فێربوونی ئەم جوڵانە، باوەڕ ناکەیت کە چەندە بەهێزن. دیدگاکەت دەگۆڕێت و کۆنترۆڵی تەواو بەسەر خوێندکاراندا بەدەست دەهێنیت.

**١-٣-٤: زۆر دەست لە دەم و سەرت مەدە لەکاتی قسەکردندا:**

دەستەکانت زۆر مەخەنە سەر سەرت لەکاتی قسەکردندا. هەندێک جار ڕەنگە دەستەکان بەرەو ڕوخسار بڕۆن، لوت بخورێنن، ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک ئەمە بەردەوام ڕوودەدات، دەبێتە هۆی ناڕەحەتی بۆ قوتابیان. هێشتنەوەی دەموچاوت بە کراوەیی و زەردەخەنەکردن و بوونی دەستەکانت بەرەو خوێندکارەکان کاریگەرن. بۆیە جوڵەکان دەبێت هاوسەنگ بن، لەکاتی هێنانەوەی نموونەدا دەستەکانت یان پەنجەکانت بەکاربهێنە. بۆ نموونە دەتوانیت یەکەم، دووەم، سێیەم بژمێریت و خوێندکاران ڕابکێشیت بۆ ناو گفتوگۆکە بە پرسیارکردن لە بۆچوونەکانیان، ئەم هەڵوێستە لە بەڕێوەبردنی پۆلیشدا کاریگەر دەبێت.

**١-٣-٥: شتێک بە دەستەکانت مەگرە کە بتوانیت یاری پێبکەیت:**

زۆرجار گرتنی قەڵەم یان مۆبایل و یاریکردن بەم ئامرازانە کاریگەری نەرێنی لەسەر قوتابیان دەبێت. لەوانەیە سەرنجی خوێندکاران سەرقاڵ بکات یان ببێتە هۆی ئەوەی بەبێ مەبەست مۆبایل یان قەڵەمەکانیان بەکاربهێنن. هەموو ئەم جوڵانە ڕەنگە وایان لێبکات بیر لەوە بکەنەوە، کە بێزاریت یان متمانەت بەخۆت نییە. ئەم زمانە جەستەییە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی لەڕووی بەڕێوەبردنی پۆلەوە لە خوێندکارەکانت جیا ببیتەوە و بەڕێوەبردنی پۆلەکانت لێ جیانەبێتەوە.

**١-٣-٦: سەیرکردنی هەموو گۆشەکانی پۆل:**

لە بەڕێوەبردنی پۆلدا، مامۆستا پێویستە پۆلەکە سەنتەری بکات و سەیری دواوە، پێشەوە، ناوەڕاست، دواوە و پێشەوە بکات وەک لە نەخشی 'W'دا. لەم حاڵەتەدا، ڕەنگە خوێندکارانی تر پێیانوابێ، کە تۆ تەنها فێری ئەو کەسە دەکەیت. جگە لەوەش، ئەو خوێندکارەی کە تۆ گرنگی پێدەدەیت لەوانەیە نارەحەت بێت، بێزار بێت، شەرمەزار بێت و سەرقاڵ بێت- لەبری ئەوە چاوێک لە هەموو خوێندکارانی ناو پۆلەکەدا بخشێنە. چاوەکانت بگوازەرەوە بۆ گۆشە جیاوازەکانی ناو پۆلەکە (Soran Abubakr, Mustafa Bingol, Saban Kara, 2022, p300).

**بەشی دووەم**

**ڕێگای وانە وتنەوە**

**٢: ڕێگای وانەوتنەوە:**

ڕێگای وانەوتنەوە (Method Teacgibg) "بریتییە لە کۆمەڵێک کاروچالاکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، مامۆستا لەناو پۆلدا پێی هەڵدەستێت، بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، کە ئەویش گۆڕانکاری کردنە لە مەعریفە و بیرکردنەوە و هەموو لایەنەکانیتری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەفتاری فێرخواز'' (کەریم شـــەریف قەرەچەتانی: ٢٠١٤، ١٤). کەواتە، 'ڕێگای وانەوتنەوە یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی پرۆسەی فێرکردن، لەبەرئەوەی یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بەرجەستە بوونی ئامانجی (مەعریفی، ڕەفتاری و سۆزداری) هەروەها فاکتەری سەرەکی پێشکەوتن و داهێنانە لە کایە و ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان' (ڕەمەزان حەمەدمین: ٢٠١٤، ١٤). هەروەها بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین چەندین خاڵ دیاری بکەین وەکو تایبەتمەندی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**٢-١: تایبەتماندییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە:**

1. گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و قۆناغی خوێندن و تەمەنی فێرخواز، هەروەها فێرخوازان دەرفەتی بەشداری کردنیان لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لە چالاکیەکاندا هەبێت.
2. فێرخوازان دەرفەتی پراکتیزەکردنی کارامەییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان هەبێت.
3. ڕەخسـاندنی دەرفەت تا بتوانن پەرە بە تواناکانیان بدەن، دەرفەتی هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی مەعریفی و کارامەیی و چالاکیەکانی خودیان هەبێت.
4. فاکتەری بەرجەستە بوونی چالاکی هەرەوەزی و هەماهەنگی نێوان فێرخوازان بنێت.
5. فاکتەری بەسـتنەوەی بیرۆکە و چەمکەکانی بابەتی وانەکان بێت بە بابەتەکانی دیکەی پرۆگرامی خوێندن و بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازان (ڕەمەزان حەمەدمین: ٢٠١٤، ١٥).

سـەرەڕای ئەو خاڵانەی، کە باسـکران دەتوانرێت چەندین تایبەتمەندیتر پەیوەسـت بکرێت بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە (بۆ زانیاری زیاتر بروانە ڕەمەزان حەمەدمین: ڕێگاو شـێوازە تیۆری و پراکتیکیەکانی وانە وتنەوە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٢: جۆرەکانی ڕێگای وانەوتنەوە:**

وانەوتنەوە پرۆسـەیەکی ئەکـادیمیە، شـێواز و وتنەوەی وانەوتنەوە پەیوەسـتە بە خودی مامۆستاوە، کە ئایا کام ڕێگایە بە گونجاو دەزانێت بۆ زیاتر کاریگەری خستنەسەر قوتابی، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بەشـێوەی سـەرەکی ئاماژە بە دوو ڕێگا دەکەین، ئەوانیش (general teaching method) و (special teaching method).

**٢-٢-١: ڕێگا گشتییەکانی وانەوتنەوە:**

ئەم جۆرەیان تا بڵێی سادە و ئاسانە و پەیوەست نییە بە هیچ بوار و تیۆرێکەوە گشتییە و هەموو مامۆستایەک پێویستی بەم جۆرە ڕێگایە هەیە و نەبەستراوەتەوە بە هیچ بوار و پسپۆڕییەک، هەموو مامۆستایەک دەتوانێت لە بوارەکەی خۆیدا سودی لێ وەربگرێت.

**٢-٢-٢: ڕێگا تایبەتیەکانی وانەوتنەوە:**

ئەم ڕێگایانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بۆ هەندێک پسـپۆڕی گونجاوە و مامۆسـتا دەتوانێت بەکاریان بهێنێت، بەڵام ناتوانرێت بۆ هەموو پسـپۆڕییەک مامۆسـتا بەکاریان بهێنێت و گونجاو نییە بۆ هەموو بوارێک، لە بەرئەوەی لەگەڵ سـروشـتی ئەو پسـپۆڕییە و بابەتەکانی ناگونجێن (کەریم شەریف قەرەچەتانی: ٢٠١٤، ١٥).

**٢-٣: شێوازەکانی ڕێگا تایبەتیەکانی وانەوتنەوە:**

لەم ڕێگایەدا کۆمەڵێک شێوازی جیا پەیرەو دەکرێت بەپێی بابەت و پسپۆڕییە جیاوازەکان، کە مامۆستا لە وانەکانیدا بەپێی ناوەرۆکی وانەکە پشتی پێدەبەستێت، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازێک دەدەین لە ڕێگا تەیبەتییەکانی وانەوتنەوە:

**٢-٣-١: ڕێگای خستنەڕوو (وانەبێژی):**

'ڕێگای خســـتنەڕوو واتە (محاضـــرة) یەکێکە لە کۆنترین و باوترین ڕێگاکانی وانە وتنەوە، تەنانەت هەندێک بە خوێی چێشت ناوی دەبەن، واتە چۆن هەموو خواردنێک بەبێ خوێ تام و چێژی نییە بەم شـێوەیەش هیچ ڕێگایەکی وانەوتنەوە بەبێ خسـتنەڕوو تام و چێژی نییە' (کەریم شـەریف قەرەچەتانی:٢٠١٤، ١٧). ئەم ڕێگایە بە شـێوەیەکی گشـتی لە ناوەندەکانی خوێندن وەک قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان بەکاردەهێنرێت و سـودی لێوەردەگیرێت، هەر لە کۆنەوە تاکو ئێسـتا بەردەوامی هەیە و نەتوانراوە بەشێوەیەکی یەکجاری وازی لێبهێنرێت، واتە تاکو ئێستاش بەشێوازێکی مۆدێرن بەکاردەهێنرێت و بەشـێکی زۆری بابەتەکان بەم ڕێگایە دەوترێنەوە. "لەم ڕێگایەدا مامۆسـتا بابەت و زانیارییەکان بۆ فێرخوازان دەخاتەڕوو، زۆرجار بۆرد 'تەختەرەش' بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێکخســـتن، بەیەکەوە بەســـتنەوە و ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکانی ناو بابەتەکان لە کاتی خســـتنەڕوودا، هەروەها زۆرجار مامۆسـتا بەڕێگەی پرسـیار و وەڵام سـەرنجی فێرخواز بۆ لای خۆی و بابەتەکە ڕادەکێشـێت بۆئەوەی هەموویان بەشداری وانەکە بکەن. لەم ڕێگەیە مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و سەرجەم بیرۆکە و چەمکەکان بۆ فێرخوازان دەخـاتەڕوو ئەوانیش تەنیـا گوێگرن، کەواتە مـامۆســـتـا ڕۆڵی ســـەرەکی و قوتـابی ڕۆڵی لاوەکی دەبینێـت" (ڕەمەزان حەمەدمین:٢٠١٤، ٩٣). کەواتە لەم ڕێگـایە قوتابیان لە ڕێگەی بەشـــداری کردن و ئەزمونەوە فێردەبن، دەتوانین بڵێین ئەم ڕێگایە خاڵی بەهێزی قوتابی دیاری دەکات، چونکە تیشـــکی زیاتر دەخرێتە ســـەر قوتابی بە مەبەســـتی فێربون و ســـود وەرگرتن لە بابەتەکان، کە مامۆستا لەناو پۆل پێشکەشی دەکات.

**٢-٣-٢: ڕێگای گفتوگۆ و دیالۆگ:**

بە یەکێـک لە ڕێگا پێشـــکەوتووەکانی وانەوتنەوە دادەنرێت بەتـایبەت لە وتنەوەی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت لە هاندان و بزواندنی فێرخوازان، لەم ڕێگایەدا مامۆســـتا

پێویستی بە ڕۆشنبیری گشتی هەیە، چونکە زۆر جار کێشە و بابەتە هەنووکەیی و مۆدێرنەکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت (کەریم ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٤، ٣١). لەم ڕێگایەدا مامۆستا و فێرخواز هەردووکیان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پرۆسەکەدا، واتە لە ڕێگای قسە و پرسیاری مامۆستا بۆ فێرخوازان و دواتریش وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیاری مامۆستا، ئەمە سەرەڕای گفتوگۆ و پرسیار و سەرنجی زیاتری قوتابیان سەبارەت بە بابەتەکە. کەواتە لێرەدا خوێندکار ڕۆڵی سەرەکی هەیە و نابێت بە پاشکۆی مامۆستا، هەروەها ڕاو بۆچوونیان گرنگە لە هەموو ئەو بابەتانەی، کە لەناو پۆلدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت لەلایەن مامۆستا و قوتابیانەوە (کەریم شەریف قەرەچەتانی: ٢٠١٤، ٢٩).

بەو پێیە دەتوانی بڵێین ڕێگای گفتوگۆ، دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان مامۆستا و فێرخوازانە، لەبەرئەوەی مەبەست لە بابەتەکە گەیشتنە بە ئامانجی دیاریکراو لەسەر پرسە هەنووکەیی و بابەتەکانی ڕۆژ، واتە کۆمەڵێک پرسیاری ڕێکخراوە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام و زنجیرەیی تەواوکاری مامۆستا لەناو پۆلدا ئاراستەی فێرخوازانی دەکات بۆ دەستکەوتنی ئامانجێکی دیاریکراو. هەروەها "بابەتەکان بە گفتوگۆی کراوەی زارەکی لە نێوان هەردوولادا 'مامۆستا و فێرخوازان' یان فێرخوازان و فێرخوازان دەخرێتەڕوو بۆ گەشتن بە ئامانجی دیاریکراو" (ڕەمەزان حەمەدمین: ٢٠١٤، ١٠٣).

**٢-٣-٣: ڕێگای چارەسەری گرفتەکان- کێشەکان (طريقة حل المشكلات):**

ئەمەش یەکێکی‌ترە لەو ڕێگایانەی، کە مامۆستا بەکاری دەهێنێت لەکاتی وانەوتنەوەدا، ئەم ڕێگایە دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەمەریکی 'جۆن دیوی'، کە پێی وایە "مرۆڤ بە گرتنەبەری ڕێگای چارەسەری کێشەکان باشتر فێردەبێت، چونکە تاک لە ژیانیدا دوچاری چەندین کێشە دەبێتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە کیشەکان و گەڕان بەدوای چارەسەر بۆیان لە قوتابخانە وا لە قوتابی دەکات باشتر لە ئاستەنگ و هەڵوێستەکان تێبگات" (کەریم ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٤، ٣٧). هەر ئەم زانایە پێنج ڕێگای

دەستنیشان کردووە بۆ چارەسەری گرفتەکان و زاڵبوون بەسەر کێشەکان، کە لە ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بە کورتی ئەم خاڵانەش بریتین لە:

- هەست کردن بە گرفت و کێشەکان.
- دیاری کردنی سنوری گرفتەکە و کۆکردنەوەی زانیاری و داتا دەربارەی گرفتەکە.
- دانانی گریمانە و دەستنیشانکردنی هۆیەکانی گرفتەکە.
- تاقیکردنەوە و گەڕان بەدوای گریمانە و هۆی سەرەکی پرس و گرفتەکە و وازهێنان لە گریمانە و هۆیەکانی‌تر، کە بەرپرس نین و پەیوەندیان بە گرفتەکەوە نییە.
- گەیشتن بە دەرئەنجام و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گرفتەکە و گشتاندنیان (کەریم شەریف قەرەچەتانی: ٢٠١٤، ٦١-٦٢).

کەواتە بەپێی ئەم خاڵانەی باسکران دەتوانین بڵێین هەر لەبەر ئەوەیە، کە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان بە یەکێک لەو ڕێگا باش و شیاوانە دادەنرێت لە وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی کێشە و گرفتەکان و چارەسەرکردنیان، کە مامۆستا پێویستە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کێشە و گرفتێک بەکاری بهێنێت و سودیان لێوەربگرێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، "کێشە بە گشتی واتا بوونی گومان لە بابەتێک یان هەر کێشەیەک یان پرسێک – کە پێویستی بە چارەسەرە، مامۆستا دەتوانێت بابەتی خوێندن بەگشتی لەشێوەی پرس و کێشەی دیاریکراو بخاتەڕوو یان ئاراستەی فێرخوازانی بکات" (ڕەمەزان حەمەدمین:٢٠١٤، ١٦٨).

### ٢-٣-٤: ڕێگای پرۆژەکان (طريقة المشروع):

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێگایە لەڕووی ناوەڕۆکەوە نوێ نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ژیان خۆی هەمووی پرۆژەیە و مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەیە، کە لەکاتی پەیداکردنی بژێوی ژیانی دێنە سەر ڕێگای، واتە مەبەست لەڕێگای پرۆژە "هەر کار و کردارێکی

فێرکارییە لە بواری مەیدانییدا ئەنجام بدرێت بە مەبەستی زانستی و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی مامۆستادا لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو خزمەت بە بابەتە زانستییەکە بکات، کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا خۆی ببینێتەوە" (کەریم ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٤، ٤١). ئەم رێگایە 'لەسەر بنەما و ستراتیجی هەرەوەزی دانراوە، بۆ ئەوەی دەستکەوتی فێرخوازان لەڕووی زانستی و ئەکادیمی بەرز بکرێتەوە' (ڕەمەزان حەمەدمین:٢٠١٤، ٢٣١).

بەو پێیە کاتێک باسی ئەم ڕێگایە دەکەین لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا، مەبەست بەستنەوەی ژیانی ناو قوتابخانەیە بە ژیانی واقیعی دەرەوەی قوتابخانە، ئەویش لەڕێگای کارکردن و بە مەبەستی پراکتیزەکردنی ئەو زانیاریانەی، کە لەناو قوتابخانە فێرخواز فێری بووە لە بە ئاکام گەیاندنی پرۆژەیەکدا (قەرەچەتانی: ٢٠١٤، ٧٣). دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی، ئەم ڕێگایە مەبەست لێی بەستنەوەی ژینگەی قوتابخانەی فێرخوازە بە ژینگەی دەوروبەری کە لە دەرەوەی قوتابخانە تیایدا دەژیت.

**٢-٣-٥: ڕێگای ئیستقرائی (اسلوب الاستقرائی):**

ئەم ڕیگایە بریتییە لە "هەنگاونان لە بەشە سادە و سەرەتاییەکانی بابەتی وانەکە بۆ بەشە ئاڵۆز و ئاوێتەکان، یان هەنگاونانە لە بەشە تایبەتەکان بۆ بەشە سەرەکیەکانی بابەتەکە یان لە نمونە دیاریکراو و سادەکان بۆ بنەما و یاسا گشتیەکان" (ڕەمەزان حەمەد کەریم: ٢٠١٤، ٢٠٦). بەشێوەیەکی گشتی لەم شێوازەدا مامۆستا لە بەش و یەکەکانی بابەتێکەوە بەرەو گشتێتی هەنگاو دەنێت، واتە لە وتنەوەی بابەت و دیاردەیەک لە باسکردنی بەشەکانیەوە هەنگاو دەنێت بەرەو گشتێتی بابەت و دیاردەکە (کەریم ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٤، ٤٦). مەبەست لەم ڕێگایە گەیشتنە بە ڕێسا و یاسا گشتییەکان، ئەویش لەڕێگای سەرنجدان و بینین و تاوتوێکردنی بەشەکانی دیاردەکانەوە، واتە لە بەشەوە بۆ گشتی، (من الجزء الی الکل). (کەریم قەرەچەتانی: ٢٠١٤، ٤٨). کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڵێین مامۆستا لە بابەتاکاندا سەرەتا لە بەش و یەکەکانی هەر بابەتێکەوە دەست پێدەکات و دواتر باس لە بابەتە گشتییەکان دەکات و تا کۆتایی بە هەموو بابەت و باسەکان دەهێنێت. ئەم شێوازە چەندین لایەنی باشی هەیە، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوادە کۆیان بکەینەوە:

- کردارەکە پلە بە پلە و بەشێوەیەکی عەقڵانی قوتابی ڕاپێچ دەکات لە بەشە ئاسانەکانەوە بۆ گشتی ئاڵۆز.
- بوار بە خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوە و درەنگتر زانیارییەکەی بیردەچێت.
- فێرخواز بنەما و ڕێسا و یاساکان بەشێوەیەکی باشتر وەردەگرێت، وەک لەوەی بە یەکجار و بە خێرایی بۆی باس بکرێت (کەریم عەزیز ئەحمەد: ٢٠١٤، ٤٦).

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەم ڕێگایەدا مامۆستا کاتێکی زۆرتری دەوێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەر پرۆسەیەک و گەیاندنی هەر بابەتێک بە خوێندکار.

**٢-٣-٦: ڕێگای هەڵهێنجان (طريقة الاستنتاجي):**

ئەم شێوازە هەروەک لە ناوەکەی دیارە پێچەوانەی شێوازی پێشوە، ئەم ڕێگایە "بریتییە لە جێبەجێکردنی یاسا و بنەما گشتییەکان بەسەر بەش و نمونە جیاواز و جۆراوجۆرەکان" (ڕەمەزان حەمەدمین: ٢٠١٤، ٢٠٧). واتە فێرخواز دوای ئەوەی یاسا و ڕێساکان دەدۆزێتەوە، لە هەڵوێستی نوێ ئەو یاسا و بنەما گشتیانە بەسەر بەش و نمونەکان جیبەجێ دەکات، بەو پێیەش کرداری هەڵهێنجان هەموو ڕێکار و هەنگاوەکانی پێچەوانەی ئیستیقرائی ئەنجام دەدات. هەروەها ئەم ڕێگایە زۆربەی مامۆستایان پەسەندی دەکەن، "لەم ڕێسایە یاسا و بنەماکان بەشێوەیەکی ئامادەکراو پێشکەش بە قوتابیان دەکرێت، بەڵام ئەم ڕێگایە یارمەتی دەرێکی باش نابێت بۆئەوەی قوتابی بیربکاتەوە و بەشێوەیەکی وردتر لە بابەتەکە بگات" (کەریم ئەحمەد: ٢٠١٤، ٢٧). ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگایانەی، کە باسکران چەندین ڕێسا و شێوازیتر هەن، کە مامۆستا دەتوانێت بەکاریان بهێنێت و لەکاتی وانە وتنەوەدا سودیان لێ ببینێت وەکو، 'ڕێگای فێرکاری بە کۆمەڵ، ڕێگای فێرکاری بچووککراو، ڕێگاو فێرکاری پرۆگرام کراو، ڕێگای فێرکاری نەخشەی چەمکەکان و ڕێگای فێرکاری گروپەکان و ... هتد' چەندین ڕێگایتر. هەموو ئەم ڕێگایانە کاریگەری باشیان هەیە لە فێرکردنی فێرخواز لە پرۆسەی فێرکردندا.

## بەشی سێیەم

## شیکردنەوەی داتاکان

بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان لەم توێژینەوەیەدا سود لە ڕاپرسی وەرگیراوە، کە تیایدا (١٠) پرسیار بەشێوەی وەڵامی پێنج هەڵبژاردەیی، (أ. هەمووجار، ب. زۆر جار، ج. جاروجار، د. کەمجار، ح. هیچ جار) ئاراستەی قوتابیانی بەشداربوو کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش (٣٠) قوتابی بەشداریان لەم ڕاپرسیە کردووە و بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، کە لە خوارەوەدا ئەنجامە بەدەست هاتووەکانی ڕاپرسی ناوبراو بە شێوەی هێلکاری شیدەکرێنەوە و دەخرێتەڕوو:



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێلکاری ژمارە (١)

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم کە ئاراستەی قوتابیان کراوە هەروەک لە هێلکاری سەرەوەدا دیارە، دەبینین بە ڕێژەی ٦٧٪ ؛ کە دەکاتە ٢٠ قوتابی، هەڵبژاردەی زۆرجاریان دەستنیشانکردووە. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە بەکارهێنانی زمانی جەستە لەکاتی ئاخاوتندا و بەتایبەتیش لە کاتی وانە وتنەوەدا زۆر گرنگە.




هێلکاری ژمارە (٢)

هەروەک لە هێلکاری ژمارە '٢'دا دیارە بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی ٥٣٪ قوتابیان هەڵبژاردەی زۆر جاریان دەستنیشان کردووە، لەمەوە دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی زمانی جەستە لەلایەن مامۆستاوە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر تێگەیشتنی زیاتری قوتابیان بۆ وانەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێلکاری ژمارە (٣)

زۆرترین ڕێژەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ٣٣٪ بۆ هەڵبژاردەی جارجارە، کە دەکاتە ١٠ قوتابی، وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە مامۆستا لەکاتی وانەوتنەوەدا لە یەک کاتدا هەموو ئەندامەکانی جەستە بەکارناهێنێت، بەڵکو تەنیا جارنا جارێک ئەو حاڵەتە ڕوودەدات، کە مامۆستا لە یەک کاتدا هەموو ئەنداماکان لەکاتی قسەکردندا بەکار بهێنێت.



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێڵکاری ژمارە (٤)

لە پرسیاری چوارەمی ڕاپرسیەکاماندا هاتووە، ئایا ئەندامەکانی جەستە کاریگەری لەسەر قوتابی دادەنێت لەکاتی وانەوتنەوەدا، بێگومان بەڵێ، هەروەها زۆرترین ڕێژەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە هەڵبژاردەی زۆرجارە بە ڕێژەی ٥٠٪.




هێڵکاری ژمارە (٥)

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا مامۆستا لەیەک کاتدا زیاتر لە ئەندامێکی جەستە بەکاردێنێت لەکاتی وانەوتنەوەدا. لێرەدا وەک لە هێڵکاریەکەدا دیارە زۆرترین ڕێژەی وەڵامەکان بۆ هەردوو هەڵبژاردەی (جاروجار و زۆرجار)ە، کە تا رادەیاک لە یەک جیاوازن، زۆرترین ڕێژەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە بە پلەی یەکەم بۆ هەڵبژاردەی جارجار بەڕێژەی ٤٧٪ و بە پلەی دووەم بۆ هەڵبژاردەی زۆرجار بەڕێژەی ٢٧٪ ە.




هێڵکاری ژمارە (٦)

وەک ئەوەی لە هێڵکاری ژمارە '٦' دا دیارە زۆرترین ڕای گشتی بۆ ئەم پرسیارە بە ڕێژەی ٪٥٧ بۆ هەڵبژاردەی هەمووجـار بە پلەی یەکەم و ٪٢٧ بە پلەی دووەم بۆ هەڵبژادەی زۆرجـارە. وەک لە پێشـتریش باسـی لێوەکرا بەکارهێنانی زمانی جەسـتە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەکاتی قسـەکردندا و چونکە هەریەکێک لە ئەندامەکانی جەســتە وا لە قســەکەر دەکات، کە قســەکانی بایەخێکی زیاتری هەبێت و زیاتر قابیلی تێگەیشتن بێت بۆ کەسی بەرانبەر.




هێڵکاری ژمارە (٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەیەکی گشتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە کاریگەریەکی باش و ڕاستەوخۆ لەسەر فێربوونی قوتابی دادەنێت، زۆرترین ڕێژە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە پلەی یەکەم و دووەم هەردوو هەڵبژاردەی هەمووجار و زۆرجارە بە ڕێژەی ٤٧٪ و ٣٣٪ ە.




هێڵکاری ژمارە (٨)

بەدڵنیایەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵێیە، چونکە مامۆستا بەگرتنەبەری ڕێگا و شێوازی جیاواز دەتوانێت باشترین ڕێگا دەستنیشان بکات بۆ باشتر تێگەیاندنی قوتابیان بەشوەیەکی زۆر باش و ئاسان و کاریگەر، هەروەک و لە هێلکاری ژمارە ٨ دا دەبینین زۆرترین ژمارەی قوتابیان، لێرەدا قوتابیان هەڵبژارەدەی هەمووجار و زۆرجاریان بە پلای یەکەم بەرێژەی ٢٧٪ دەستنیشان کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمارە (٩)

ئایا مامۆســتا لەکاتی وانەوتنەوە زیاتر لە ڕێگایەکی وانەوەوتنەوە بەکاردێنێت، پرســیاری نۆیەمی ڕاپرســیەکامان پێکدەهێنێت، لێرەدا دەبینین بەشــێوەیەکی گشــتی وەڵامی لەیەکتر نزیک و جیاواز دەبینین، دەتوانین ئەمە بۆ دوو هۆکار بگەڕێنینەوە، یەکەم ئەوەیە ڕێگاکانی وانەوتنەوە زۆر و جیـاوازن، هەروەکو لە پرســیـاری پێشــوتر ئـاماژەمان پێکرد بۆ ئەو قوتـابیـانەی کە بەرێژەی ٣٧٪ هەڵبژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە، ئەمە پشــتڕاســتـی ئەو خاڵە دەکاتەوە کە تاقیکردنەوەی ڕێگای جیاوازە بۆ دەستنیشانکردنی باشترین ڕێگا. هەروەها بۆ ئەو قوتابیانەش کە هەڵبژاردەی جاروجاریان بە ڕێژەی ٣٠٪ هەڵبژاردووە، دەتوانین بڵێین مامۆستا سەرکەوتوو بووە و گەیشتۆتە ئامانجی خۆی و



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگایەکی سەرکەوتوو و کاریگەری دەستنیشان کردووە کە لەسەر باشتر فێرکردنی قوتابیان سودی هەیە.

هێلکاری ژمارە (١٠)

ئەم پرسیارەش بەشێوەیەکی زنجیرەیی پەیوەندی بە هەردوو پرسیاری ژمارە ٨ و ٩ وە هەیە، دوای ئەوەی مامۆستا پاش هەوڵ و کۆشش و تاقیکردنەوەی چەندین ڕیگا گەیشت بە ئامانجی دیاریکراو، بۆی دەردەکەوێت کە قوتابی زیاتر بەچ ڕێگایەک دەتوانێت سود لە وانەکان ببینێت، بەڵام هەندێکجار مامۆستا بەهۆی باردودۆخی تایبەتی قوتابیان، کە هاوسەنگ و بەشێوەیەکی وەکو یەک نیە بۆ تێگەیشتنی بابەتەکان هەر لەبەر ئەمەشە قوتابیان پێیان وایە مامۆستا چەندین ڕێگا بەکاربهێنێت باشترە بۆئەوەی سودمەند ببن لە وانەکان.

| ش | پرسیار | ڕێژەی ڕازی بوون | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | أ | ب | ج | د | ح |
| ١ | ئایا پێویستە مامۆستا زمانی جەستە بەکاربێنێت لەکاتی وانە وتنەوەدا؟ | ٩ | ٢٠ | | ١ | |
| ٢ | مامۆستا تا چەند زمانی جەستە بەکار دێنێت لەکاتی وانە وتنەوەدا؟ | ٥ | ١٦ | ٦ | ٣ | |
| ٣ | مامۆستا زیاتر لە کاتی وانەوتنەوەدا کام ئەندامەی جەستە بەکاردێنێت؟ | ٥ | ٨ | ١٠ | ٤ | ٣ |
| ٤ | کام یەک لە ئەندامەکانی جەستە زیاتر کاریگەری لەسەر قوتابی دەدەنێت لەکاتی وانەوتنەوەدا؟ | ٥ | ١٠ | ١٢ | ٢ | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ئایا مامۆستا لەیەک کاتدا زیاتر لە ئەندامێکی جەستە بەکاردێنێت لەکاتی وانەوتنەوەدا؟ | ٣ | ٧ | ١١ | ٥ | ١ |
| ٦ | ئایە پێویستە زمانی جەستە تێکەڵ بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە بکرێت؟ | ١٧ | ٨ | ٢ | ٢ | ١ |
| ٧ | ڕێگاکانی وانەوتنەوە تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی قوتابی؟ | ١٤ | ١٠ | ٤ | ٢ | |
| ٨ | مامۆستا زیاتر سود لە کام ڕێگەیەی وانەوتنەوە دەبینێت لەکاتی وانەوتنەوەدا؟ | ٨ | ٨ | ٤ | ٧ | ٣ |
| ٩ | ئایا مامۆستا لەکاتی وانەوتنەودا زیاتر لە ڕێگایەکی وانەوەوتنەوە بەکاردێنێت؟ | ٥ | ٩ | ١١ | ٥ | |
| ١٠ | ئایا پێت باشە مامۆستا دوو تا سێ ڕێگای وانەوتنەوە بەکاربێنێت لەکاتی وانەوتنەوەدا؟ | ١٧ | ٦ | ٣ | | ٤ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەنجام:**

1. بەکارهێنانی زمانی جەستە لەکاتی ئاخاوتندا زۆرترین کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی کەسی بەرانبەر دادەنێت، هەر بۆیە گرنگە، مامۆستا زیاتر سود لە ئەنداماکانی جەستە دەبینێت لەکاتی قسکردندا.
2. مامۆستا بەشێوەیەکی فراوان هەوڵدەدات سود لە هەموو ئەندامەکانی جەستە وەربگرێت و باشترین جوڵە لە شیاوترین شوێندا بکات بۆ ئەوەی مانایەکی کاریگەرتر و راستەوخۆتر بە وانەکانی ببەخشێت و تا بتوانێت هاوکارێکی باش بێت بۆ بۆ تێگەیاندنی قوتابیان.
3. بەکارهێنان و گرتنەبەری چەندین ڕێگا و شێوازە جیاوازەکانی وانەوتنەوە گرنگیەکی زیاتر دەدات با وانەکان و، مامۆستا چەندین ڕێگا تاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگات با باشترین ڕێگا تا بتوانێت زۆرترین سود بە قوتابی بگەیەنێت.
4. ئاستی تێگەیشتنی قوتابی و زیرەکییان جیاوازە و هەر بۆیە مامۆستا هەندێکجار زیاتر لە چەند ڕێگایەک بەکاردەهێنێت بۆ زیاتر سود گەیاندن بە زۆرترین ژمارەی قوتابیان.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم/ بە زمانی کوردیی:**


- ڕەمەزان حەمەدمین (٢٠١٤)، ڕێگاو شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکانی وانە وتنەوە، ڕۆژهەڵات، هەولێر، چ. یەکەم.
- کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠١٤)، سایکۆلۆژیا و ڕێگاکانی وانە وتنەوە، پیرەمێرد، هەولێر.
- کەریم ئەحمەد عەزیز (٢٠١٤)، بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە، هەولێر، نارین.

## دووەم: بەزمانی فارسی:


- مصطفی باقریان، محمد جوادی پور، مهران عزیزی، احمد رضا نصراصفهانی(١٤٠٠)، گفتمان‌های رایج در زبان بدن مدرسان دانشگاه فرهنگیان، ش(٧٨)، سال بیستم. ص(٩٥-١١٨).
- علی اکبر فرهنگی و حسین فرجی(١٣٨٩)، زبان بدن از نگاه مولانا در مثنوی معنوی، همایش بین المللی اندیشه‌های جهانی مولانا جلال‌الدین محمد بلخی، پژوهشنامه فرهنگ و ادب، سال پنجم، ش(٩)، جلد دوم.
- سید علی قاسم زاده - محمد شفیع صفاری - حسین علینقی (١٣٩٧)، تحلیل مفاهیم و کارکرد ارتباطات غیرکلامی در شاهنامه، زبان و ادبیات فارسی، سال بیست و ششم بهار و تابستان، شماره 29 (پیاپی 84).
- فاتمه روحی - حسین زارع - نیلا آخوندی (١٣٩٦)، رابطه زبان بدن به ادراک تعامل اجتماعی، دوفصلنامه علمی- پژوهشی شناخت اجتماعی، سال (٦)، ش (١) پیاپی (١١).
- محمد رضا پهلوان نژاد (١٣٨٦)، ارتباطات غیر کلامی و نشانه‌شناسی حرکات بدنی، مجله زبان و زبانشناسی، دوره(٣)، ش(٦).
- مینا بهنام - ابوالقاسم قوام - محمد تقوی - محمد رضا هاشمی (١٣٩٣)، گفتار بیصدا: تأملی بر زبان بدن در غزلیات شمس، فنون ادبی، سال(٦)، ش(٢)، پیاپی(١١).
- آلن پیز (١٣٩٤)، زبان بدن: چگونه افکار دیگران را از روی حرکات سر و دست‌شان بخوانیم، ترجمه: محمد رضا عطوفی – سید حامد دست‌یافته، چاپ١،

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

- Tosun, M., & Yildiz, Y. (2015). The role of moral values and systematic informing in aim-basededucation. International Journal of Social Sciences & Educational Studies,

- Soran Abubakr Abdulrahman, Mustafa Bingol, Saban Kara, Body Language in Education and Effective Recommendations to Pre-Service Teachers in Classroom Management**,** International Journal of Social Sciences & Educational StudiesISSN 2520-0968 (Online), ISSN 2409-1294 (Print), March 2022, Vol.9, No.1.

# The role of body language in teaching methods

**Assistant Lecturer. Kalthum Khalid Ahmed**
Department of Kurdish Language, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Iraq.

Department of Medical Laboratory Technical, Erbil Technical Health and Medicine College, Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region, Iraq.

**Assistant Lecturer. Bashdar Abdulrahman Aziz**,
Secretary of the Council of the Ministry of Higher Education and Scientific Research.

**Assistant Lecturer.Abdulmutalib Abdulla Muhammad**
Kurdish Language, Salahaddin University, College of Basic Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

This research intends to evaluate the importance of body language in teaching methods and to present the function and position of body parts, their effect on student admittance and guidance, and how these factors can assist students learn

effectively. Also, which type of body part makes the most substantial contribution to teaching and whether this type is effective or not.

Body language refers to the nonverbal cues that people use for everyday communication, such as facial expressions and body movements, through which information can be conveyed without being spoken, usually it makes up 50% to 70% of communications, so a thorough understanding of it is important to clarify the conversation. Educators who teach in different session need words and body language to communicate effectively with students. If body language is used properly, the intended idea is delivered to students more effectively and efficiently. This article illustrates the benefits of instructors acting as both competent givers and recipients of nonverbal cues. The study was qualitative research; a survey form technique was used. Students' opinions were sought on the importance of teachers' use of body language during teaching.

**Keywords:** *body language, teaching, teacher, student*

## الملخص

الهدف من هذا البحث هو تحليل لغة الجسد من خلال طرق التدريس ،بغرض التعرف على دور ومكانة اعضاء الجسد وفاعليتهم على عملية التعلم،وتواصل التلاميذ ومساعدتهم على التعلم الافضل في الدروس،وكذالك تحديد جوهريةاعضاء الجسد في اشتراكه للتعلم،في فاعليته عن عدمه . لغةالجسد هي ايعاز غير لفظي يستخدمه الافرادللتواصل اليومي،فهي مجموعة من الحركات يقوم بها الفرد مستخدما يديه، اوتغيرات وجه اونبرات صوته كرموزتعبيرية لامكان وصول المعلومات والمقاصد دون التلفظ بها،ويسهم ذالك بنسبة٪٥٠الى٪٧٠في تكوين العلاقات ،لذى وصول الرسالة والفهم التام منه له دور هام لايضاح النقاش. ان التربويون في الفروع المختلفة يحتاجون الى كلمات لغة الجسد للتواصل مع التلاميذ بشكل فعال ،وكذالك لصحة هذه اللغة دور للاطمئنان على دقة التواصل الى المرسل اليه. تنطوي هذا الموضوع على التسائل فيما ان لماذا يجب على المدرسين ان يكونوا مرسلين ومستقبلين كفوئين في التواصل الغير لفظي . كان هذا البحث يبحث عن ماهيته. استخدمت التكنيك في قواعد الاستبيان باخذ آراء التلاميذ بنظر الاعتبار بالنسبة لاهمية استخدام لغة الجسد اثناءالتدريس من قبل المدرسين.

**مفتاح الكلمة:** لغة الجسد، التدريس، المدرس، التلميذ